## بەریتانیا وخێو وجنۆکە . . . جەنگەڵستان و مرۆڤایەتی یان ململانێی دوو كلتووری دژبەیەك
## ئامادەكرن و وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: ئەندازیار تاریق فەقێ عەبدوڵا

ئەوەی لە م نوسینە مەبەستمە تەنیا پیشاندانی دوو وێنەی جیاوزای سەیرو سەمەرەیە لەو جیهانەی تائێستا نەیتوانیوە ڕەوتی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە كەناری بەمرۆڤ بوونی خودی مرۆڤ، هەرلەوگۆشەنیگایەوە دوو بابەتی بڵاوكراوەی سایتی ئەلكترۆنی (بی بی سی و سی ئێن ئێن _ بەشی ئینگلیزی) زۆر سەرنجی ڕاكێشام وبەپێویستم زانی گەر بەشێوەیەكی ساكارانە و بەبێ زۆر چوونە ناو هەردوو بابەتەكەشەوە بێت، لەیەكەمیاندا دەروازەی بیركردنەوەی خوێنەری مرۆڤی كورد بەرەو پێشێلكاری مافی مرۆڤ وبەتایبەتی ئافرەت لە هەندێ كۆمەڵگای تری نێو ئەم جیهانە دەبات، ڕووداوی یەكەم لەكۆمەڵگایەكی بەناو چەندین ساڵەی بەدەولەت بووی ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەرچی بابەتی دووەمە بیروبۆچوونی كۆمەڵگایەكی هەرپێشكەوتووی بواری مافی مرۆڤ وجیهانی تەكنۆلۆژیایە كەچی سەیرە ئەوانی پێشكەوتووش تائێستا گیرۆدەی خەیاڵ و بەسەرهاتی (خێو و جنۆكەن) ، بەتایبەتی گەربزانی تائێستاش لەبەریتانیای مەزن بەشێوەیەكی گشتی خەڵكی باوەڕیان بەهەبوونی خێو و جنۆكە هەیە، ئەم دووبابەتە لەو دوونێوەندە جیاوازەی كۆمەڵگای نێودەولەتیدا، گەرهیچ نەبێت ئەوەمان بۆدەردەخات كە ئەركی نووسەران ورۆشنبیرانی كورد چیە و هاوكات مرۆڤی كورد لەبەردەم چ ئەركێكی گرانی بەرەوپێش بردنی كۆمەڵگاكەیەتی، لەلایەك گەندەڵی ئیداری وململانێی حیزبایەتی، لەلایەكی تر سروشتی پاشكۆیەتی هەندێك لەنووسەران بە لایەنە سیاسیەكانەوە.

لە كلاوڕۆژنەی بابەتی یەكەمەوە دەكرێت بڵێین، گەرچی ڕوژانە گەلێ پێشێلكاری مافی مروڤ دەبینین ودەبیستین، زۆربەشیان بەچەندین شێواز و بەبەرنامە بۆدارێژراو و هەریەك بەتەرحی جۆراوجۆر بە یاسایەكی داتاشراو دیزەبەدەرخۆنە دەكرێت، بەلام ئەم كارەساتەی بەناوی بڕیاری دادگایەكی پاكستانیەوە بەسەر ئافرەتێكی پاكستانیدا بەناوی (موختار مەی) داهاتووە، هیچ جۆرە پاساوێك هەڵناگارێت تەنیا ئەوە نەبێت كە هێشتا یاسای جەنگەڵ وپیاوسالارێتی و بەشێوازێكی زۆر ئاشكراو بەبێ ڕەچاوكردنی هیچ جۆرە ترسێك یان نیگەرانیەك لەلایەن هەندێ لایەن وكۆمەڵگاوە بەسەر ئافرەتدا دەسەپێنرێت كە تەنیا گێڕانەوەیان بۆخۆی شەرمەزاریەكە بۆ من وتۆی بەناو توخمی پیاو. لە هەواڵەی ڕۆژنامەی سایتی ڕۆژی پێنج شەممەی بەرواری 3 / 11 / 2005 داهاتووە لەژێر ناویشانی ( (قوربانیەكی پاكستانی كەدەستدرێژی بەكۆمەڵی كراوەتە سەر، لەواشنتۆن كەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتەكەی) ) هەواڵەكە دەڵێت:_ { موختار مەی، ئەو ئافرەتە پاكستانیەی كە لەلایەن ئەندامانی گروپێكەوە دەرستریژی كراوەتە سەر شەرەفی لەبێدەنگیەكەی هاتەدرێ ولەواشنتۆن كەوتە دووان، موختار مەی بۆ چالاكوانی بواری مافی مرۆڤ لە ئەمەریكا دووا وباسی لەو خەبات وتێكۆشانەی كرد كە دژی ( (گەورەكانی دەربەگەیاتەی) ) كردوێتی، ئەوانەی مامەڵەی خراپ ونابەجێ لەگەڵ ئافرەتان لەپاكستان ئەنجام دەدەن، ڕێكخراوی لێبوردنی نێودەولەتی موختار مەی لەواشنتۆن وەك پاڵەوانێك لەبواری تێكۆشان لەبواری مافی مرۆڤ پیشان دا نەك وەك قوربانیەكی دەستدرێژی، ئەوەبوو مەی ویژدانی جیهانی لەساڵی 2002 لەرزان، دوای ئەوە مەجلیسی ناوخۆیی لەپاكستان بڕیاری ئەوەی بەسەردا دا كە بەشێوەی دەستە جەمعی دەستدرێژی بكرێتە سەر شەرەفی، ئەم ئافرەتە

لەمیانەی خوڵی گەڕانەكەیدا بە ناو ویلایەتەكانی ئەمەریكادا چەندین كۆڕو كۆبونەوەی بۆسازدراوە و بڕیاریش وایە خەلاتی ( (ئافرەتی گشتی) ) لەلایەن سەرۆكی پێشووی ئەمەریكاوە بیل كلینتۆن پێ ببەخشرێت، مەی لەبەردەم گردبووەیەكی جەماوەری چالاكوانی بواری مافی مرۆڤ گوتی ( (من تێدەكۆشم لەپێناوی بەرگرتن لە چەوساندنەوە، چەوساندنەوەی ئافرەت و هەژاران لەلایەن گەورەكانی دەرەبەگایەتیەوە لەپاكستان) ) ، ڕووی دەمی كردە چالاكوانی بواری مافی مرۆڤ گوتی ( (گەورەكانی دەرەبەگایەتی پارە ودەسەڵاتیان هەیە، ئەوەی منیش هەمە پشتیوانی ئێوە وئیمانمە بەخوا، لەبەر ئەوە كردەوەكانم كەگەڕانە بەدوای ڕاستیدا دەبێت سەركەوێت) ) ، ئەوجا مەی ئاماژەی بەڕووداوی دەستدرێژی كردنە سەر شەرەفی كرد و ئەوكێشەی كەبەرز كراوەتەوە دژی ئەم لە دادگاكانی پاكستان) ) وگوتی ئەوكێشانە دوورم ناخەنەوە لەپاكستان كەشوێنی تێكۆشانی حەقیقی منە وبەرگری كردن لەدەرەوەی پاكستان مەدای ڕاستەقینەی خۆی ناگرێتەبەر وكاریگەر و واقیعی نابێت) ) ئەمە ونرخی ئەو خەلاتەی لەئەمەریكا بەم خاتوونە دەدرێت نزیكەی 20 هەزار دۆلار دەبێت، ئەویش لەڕێگەی خۆیەوە 5 هەزاری كردە هاوكاری بۆ لێقەوماوانی زەمینەلەرزەكەی پاسكتان و 15 هەزارەكەی تریش بۆ پشتیوانی كردنی ئەو قوتابخانانە یان ناوەندانەی تایبەتن بەو كێشانەی ئافرەتان بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەمە وسەرۆكی پاكستان پەرویز موشەرەف ڕێگەی نەدەدا بەم ئافرەتە بچێتە دەرەوەی وولات، لەبەر ئەوەی لەوباوەڕەدابوو كە ئەم سەردانەی بۆ دەرەوەی وولات ناوبانگی پاكستان لەدەرەوە دەشێوێنێ، هەرچی جێی باسە دەسەلاتدارانی ناوخۆیی ئەو هەرێمەی ئەو ئافرەتەی تیا دانشتبوو لەوەپێشتر لەڕێگەی دادگاوە بڕیاری ئەوەی بەسەردا درا كە بەشێوەیەكی كۆمەڵی دەستدرێژی بكرێتە سەر شەرەفی دوای ئەوەی ئەم ئافرەتە بەوەتاوانبار كرا كە لەگەڵ براكەیدا سێكسی كردووە، شیاوی ووتنە ئەم ئافرەتە لەبنەماڵەیەكی ناسراوی پاكستانە وئەو بڕیارەش بەفەرمی لەلایەن دادگای ناوخۆیی پاكستانەوە بەرامبەر موختار مەی دەركراو وبۆشی نەبوو دژی ئەو بڕیارە بوەستێتەوە بۆجاری دووەم لەدادگا. } لێرەدا هەواڵەكەی بی بی سی تەواو بوو، هەروەك دەبینین لەنێوكۆمەڵگای پاكستانی ئیسلامی، چۆن ئافرەتێك هەڵس وكەوتی لەگەڵدا دەكرێت و زۆر ئاسایی لەدادگایەكدا بڕیاری ئەوەدەدرێت ( (كەبەشێوەیەكی دەستەجەمعی كاری سێكسی هەروەك لەكەداری دەستدرێژی كردنە سەر شەرەفی ژنێتی ئەو ئافرەتە) ) ئەنجام بدرێت، دەبێت چ یاسا وبەهانەیەك بۆ ئەو بڕیارە هێنرابێتەوە، هەر هەمان ئافرەت لەكۆمەڵگای ئەمەریكا نەك بەقوربانیەك سەیری ناكرێت بگرە وەك پاڵەوانێك مامەڵەی لەگەلدا دەكرێت وخەلاتی ( (ئافرەتی گشتی) ) دەكرێت، ئەمە ئەو دوو جیهانە جیاوازە نیە كە نەك هەریەكانگیر نابنەوە لەداهاتوویەكی نزیكدا، بەڵكو بەبۆچوونی بەندە ململانێیەكی ئەبەدیە و تاسەر هاوتەریب دەبن.

بابەتی دووەمیان دەرئەنجامی ئەوڕاپرسیە سەیروسەمەرەیە كەلەناو كۆمەڵگای بەریتانیا ئەنجام دراوە و بەپێی ئەو ڕاپرسیە تائێستاش ڕێژەی زۆری بەریتانیەكان باوەڕیان بەجنۆكە وخێو هەیە، بەپێی ڕاپرسیەك كەسایتی ئەلكترۆنی سی ئێن ئێن بلاوی كردۆتەوە لەژمارەی چوارشەممەی 2 / 11 / 2005 لەژێر ناونیشانی ( (لە 68 % ی بەریتانیەكان باوەڕیان بەهەبوونی (خێو و جنۆكە) هەیە) ) هەواڵێكی بلاوكردۆتەوە تیا هاتووە كە سایتی ناوبراو لێكۆڵیەوەیەكی بەبۆنەی چەژنی هالوینەوە سازداوە سایتەكە دەڵێت { لە لێكۆڵینەوەیەك كەبەم دواییە لەبەریتانیا سازدرا دەركەوت زۆربەی بەریتانیەكان

باوەڕیان بە هەبوونی (خێو جنۆکە) هەیە زیاتر لەوەی باوەڕیان بەبوونی خوا هەبێت، لێکۆڵینەوەکە دەڵێت کە لە 68 % ی بەشداربووانی ئەو ڕاپرسیەی بۆ ئەو مەبەستە کراوە باوەڕیان بە هەبوونی ( (خێو یان جنۆکە) ) هەیە بەڵام لە 55 % باوەڕیان بە بوونی خوا هەیە، ئاژانسی ئەسوشیتد پرێس ڕایگەیاند کە ئە وراپرسیە بەدەری خستووە کە لە 26 % باوەڕیان بە هەبوونی تەنی فڕیو (ئەجسام تائیرە) هەیە بەلام لە19 % باوەڕیان بە تەقەموس (واتا ڕوح لەدوای مردنی کەسێك بچێتە گیانی کەسێکی ترەوە) هەیە، لەوانەی باوەڕیان بە خێو هەیە ڕاپرسیەکە دەری خستووە کە لە 12 % یان دەڵێن (خۆیان خێو یان جنۆکە) یان بینیوە بەفیعلی وهەڵس وکەوتیان لەگەڵدا کردووە، بەڵام لە 76 % نەیان بینیوە تەنیا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن نەبێت، ئەم لێکۆڵینەوەیە کەلەلایەن (چیۆکیس یو کەی) بەبۆنەی جەژنی (هالوینەوە) لە بەریتانیا سازدراوە، تەعبیر لەڕای گشتی بەریتانیا ناکات، ئەمەش بەپێی گوتەی دیڤید ڕیتش ووتەبێژ بەناوی کۆگاکانی (چیوکس یو کەی) ، لەجەژنی هالوین کە دووشەممەی ڕابردوو بوو و گەلی ئەمەریکا وەك ئاهەنگ لەئامێزی دەگرن، مندالان پۆشاکی والەبەر دەکەن کە کەسایەتی خۆیانی پێدەشارنەوە وەك دڕندە و جادوگەر خۆیان پیشان دەدەن، لەئەڵمانیاش ئەو منداڵانە لەئێوارەی هەمان ڕۆژ دەچنە بەردەمی ماڵان داوای شیرینی دەکەن ئەگەر خەلات نەکرێن وشیرینی وەرنەگرن ئەوا خاوەن ماڵەکە دەدەنە بەرهێلکە و تانەو تەشەر، ڕیتش لەوبارەوە دەڵێت ( (زۆرێك لەخەڵکان باوەڕیان بەبوونی خێو وجنۆکە و تەنی فڕیو هەیە، نابەجێیە کەئەم باوەڕە لە ئەنجامی فیلم وئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەوە سەرچاوەی گرتبێ کە بینیویانە، بەڵکو خوێندنەوە وچیرۆکە کۆنەکان ئەو بیرۆکانە لەلای خوێنەرانی دروست دەکەن) ) ، هەروەها ڕیتش دەڵێت ( (بەدەست هێنانی ئەو دەرئەنجامانە لەوراپرسیەدا وامان لێدەکات بەچاوی خۆمان ببینین کە چۆن زۆربەی خەڵکی باوەڕیان بەو جۆرە بیرۆکانە هەیە) ) جێی ئاماژە پێکردنە کە لە 40 % ی ئەوانەی بەشداری ئەوراپرسیەیان کردووە باوەڕیان وابووە کە ئەو جۆرە بیرۆکانە تەنیا ئەفسانە وخەیاڵی پروپووچ وبێ کەڵکن. }، ئەوەی جێی سەرنجە کۆمەڵگای بەریتانیا کە بەپێشڕەوی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا وکۆمەڵگای ئەوروپا دەدانرێت، تائێستاش ئەم جۆرە بیرۆکانە زاڵە بەسەریدا، ڕای گشتی بەریتانیا ئاوا بێت. . ئیدی چی سەرزەنشتی کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان بکەین!!!.

2005 / 11 / 4

ئەڵمانیا _ دارمشتاد